# دهۆک گۆڕانکارییەکی تەواو لە تیپەکەی دەکات

***دوای ئەوەی یانەی دهۆك لە وەرزی رابردووی خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێی دەستکەوتێکی مێژوویی بە دەستهێنا توانی پلەی سێیەمی خولەکە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆی بە دەست بێنێت، ئەم دەستکەوتە بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی دەستەی کارگێڕی یانەکە بۆ وەرزی داهاتوو یانەکەی بە باشترین شێوە ئامادە بکات بۆ ئەوەی ئەنجامی باشتری بە دەست بێنێت، دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان هەمان دەستەی کارگێڕی پێشوو مایەوە بۆیە گۆڕانکارییەکی تەواوی لە ریزی تیپەکەی ئەنجام داوە چەندین بۆندی لەگەڵ یاریزانان مۆرکردووە، ئەمەی خوارەوەش خوێندنەوەیەکە بۆ خۆ ئامادەکردنی یانەی دهۆك بۆ وەرزی داهاتوو.***

**بۆندی دەستەی راهێنەران نوێکرایەوە**

سەرەتا دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك بڕیاری دا کەوا بۆندی دەستەی راهینەرانی یانەکەی نوێبکاتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی یانەکەی لە وەرزی داهاتوو باشتر بێت، هەر زوو بۆندی راهێنەر باسم قاسم نوێکرایەوە، چونکە یانەی دهۆك گشت دەستکەوتە مێژوویەکانی لە دەست ئەم راهێنەرە بە توانایە بە دەست هێناوە بۆیە نەیتوانی دەسبەرداری ئەم راهێنەرە بێت، هەروەها بۆندی یاریدەدری راهێنەر ئیبراهیم عەبدنادر نوێکرایەوە و بۆندی راهێەری گۆڵچی وەسفی جەبار نوێکرایەوە ئەم دوو راهێنەرە رۆڵێکی باڵایان هەبوو، وا چاوەروان دەکرێت لە وەرزی داهاتوو باسم قاسم تیپەکەی بە باشترین شێوە ئامادە بکات بۆ ئەوەی ئەنجامێکی زۆر باشتر لە وەرزی رابردوو بە دەست بێنێت.

**یانەی دهۆك بۆند لەگەڵ چەند یاریزانێك مۆردەکات**

شاندێکی دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك بە مەبەستی مۆرکردنی بۆند لەگەڵ چەند یاریزانێکی بە توانا چووە شاری بەغدا ئەم شاندە توانی بۆند لەگەڵ چەند یاریزانێك مۆربکات، سەرەتا بۆندیان لەگەڵ یاریزانی



یانـــەی زەورا و هەڵبـــژاردەی لاوانی عێراق سـالار عەبدولجبار مۆرکـــرد بە بڕی (٦٥) ملیـــۆن دینار بۆ مـــاوەی دوو وەرز موچەی مانگانـــەی (٨٠٠)هەزار دینارە، ئەم یاریزانە لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات، سالار یەکێکە لە یاریزانە هەرە باشـــەکان گۆڵکارە و لێدانی زۆر هێزی هەیە لە دەرەوەی ناوچەی ســزا و هێڵی بەرگری هەموو یانەیەك ماندوو بکات، بەڵام لە وەرزی رابردوو بەهۆی کێشـــەکانی لە یانەی زەورا ئەو ئاســـتی نیشـــان نەدا کە لێ چـــاوەڕوان دەکرا، بۆیە چاودێران وای بۆ دەچن وەرزی داهاتوو ســـالار لەگەڵ یانەی دهۆك ئاستی زۆر باشتر دەبێت، شایەنی باسە سالار عەبدولجبار خەڵکی شاری کەرکووکە، یانـــەی دهۆك بۆندی لەگەڵ یاریزانی هێڵی ناوەراستی یانەی زەورا سەجاد حوسێن مۆرکرد بە بڕی (٥٠) ملیـــۆن دینار بۆ ماوەی دوو وەرز و موچـــەی مانگانـــەی (٨٠٠) هەزار دینار، ئەم یاریزانە لە هێڵی ناوەراســـت زۆر بـــە توانایە یانەی دهۆك دەتوانی پشـــت بەم یاریزانە بە ببســـتێت، پێـــش مۆرکردنی بۆند لەگەڵ یانەی دهۆك، هەردوو یانەی شورتە و نەجـــەف هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئەوەی بۆندی لەگەڵ مۆربکـــەن زۆریش نزیك بوو کە بۆند لەگەڵ یانەی نەجـــەف مۆربکات، بەڵام لە دوا ساتەکان یانەی دهۆك توانی ئەم یاریزانە دەمی شـــێر دەربهێنێت، یانەی دهۆك بۆندی لەگـــەڵ یاریزانی یانەی زەورا عەدنان عەتیە مۆرکـــرد بە بـــڕی (٥٥) ملیـــۆن دینار بۆ ماوەی دوو وەرز مووچەی مانگانەی (٨٠٠) هـــەزار دینارە، ئەم یاریزانە لە هێڵی بەرگری یـــاری دەکات یاریزانێکی لاوە زۆر بە توانایە یانەی زەورا وەرزی رابردوو بە تەواوی پشـــت بەم یاریزانانەی بەســـتبوو لە هێڵی بەرگری لـــە دواوە، ئـــەم یاریزانـــە دوا رۆژێکی زۆر باشـــی دەبێت یانەکەی سوودێکی زۆری لێ وەردەگرێت، هەروەها یانـــەی دهۆك بۆندی لەگەڵ یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی زەورا حەسەن محەمەد زەنوب مۆرکرد بە بڕی (٤٥) ملیۆن دینار بۆ ماوەی دوو وەرز و مووچەی مانگانەی ( ٨٠٠) هەزار دینارە، ئەم یاریزانە وەرزی رابردوو لەگەڵ یانەی زەورا ئاستێکی زۆر باشـــی نیشـــاندا بووە ستایشی هەموو چاودێـــران وەرزی داهاتوو لەگـــەڵ یانەی دهۆك رۆڵێکی بەرزی دەبێت تەمەنیشی زۆر بچووکە، هەروەها یانەی دهۆك بۆندی لەگەڵ یاریزانی هێڵی ناوەراستی یانەی زەورا عەلی یوسف مۆرکرد بە بڕی (٤٥) ملیۆن دینار بۆ ماوەی دوو وەرز موچەی مانگانەی (٨٠٠) هـــەزار دینارە، ئەم یاریزانە لـــە باڵاکان زۆر خێرایە بەهیچ شێوەیەك ماندووبوونی پێوە دیار نابێت، لە یارییەکان یەك ئاســـت نیشان دەدات بـــە بۆچوونی خۆم یانەی دهۆك ســـودێکی یەکجار زۆر لـــەم یاریزانە وەردەگرێت هەر لە یانەی دهۆکیش ئەم یاریزانە ناوبانگی خۆی وەردەگرێت چونکە هێشتا تەمەنی بچووکە و دوا رۆژێکی باش چاوەروانی دەکات گەر بە تـــەواوی بایەخ بە خۆی بدات، دواین بۆندی یانەی دهۆك لەگەڵ یاریزانی یانەی شورتە قەیس تاریق بوو کە لە هێڵی هێرشبەردن یاری دەکات، ئـــەم یاریزانە بـــە بڕی (٤٠) ملیۆن دینار بۆندی لەگەڵ یانەی دهۆك مۆرکردووە بۆ مـــاوەی دوو وەرز و موچەی مانگانەی (٨٠٠) هەزار دینـــارە، ئەم یاریزانە لە هێڵی هێرشـــبردن زۆر بە توانایـــە وەرزی رابردوو ئاستێکی باشی لەگەڵ یانەی شورتە نیشان دا وا چاوەروان دەکرێت ئەم وەرزە ئاستی زۆر باشتر بێت لە وەرزی رابردوو.

## یانەی دهۆك گفتوگۆ لەگەڵ چەند یاریزانێك دەکات

هەرچەندە دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك بۆندی لەگەڵ ٦ یاریـــزان مۆرکردووە، بەڵام گفتوگۆی لەگەڵ چەنـــد یاریزانێکی دیکە دەکات بـــۆ ئەوەی لـــە وەرزی داهاتوو یاری بـــۆ یانەی دهۆك بکـــەن، یانەی دهۆك زۆر نزیکە بۆ ئەوەی بۆند لەگەڵ یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی قوەی جەوییە موســـنە خالید مۆربکات کە یاریزانێکی بە توانایە لە وەرزی رابردوو لەگەڵ یانەی قوەی جەوییە ئاستێکی زۆر باشی نیشـــان دا، هەروەها یانەی دهۆك لە گفتوگۆدایـــە لەگـــەڵ یاریزانی یانەی قوەی جەوییە حوســـێن عەلـــی وەحید کە لە هێڵی ناوەراســـت یـــاری دەکات لـــە چەند رۆژی داهاتـــوو بە فەرمی راســـتییەکان بە دیـــار دەکەوێت، هەروەهـــا یانەی دهۆك زۆر نزیکـــە بۆ ئەوەی بۆندێـــك لەگەڵ یاریزانی هێڵی ناوەراســـتی یانەی تەڵەبە نەدیم کەریم مۆربـــکات، ئەم یاریزانە تەمەنی زۆر بچوکە ئێستا یەکێك لە یانەکانی بەلژیکی گفتوگۆ لەگەڵ ئەم یاریزانە دەکات ئەگەر نەچووە ئەم یانە بەلژیکیە ئـــەوە بە فەرمی بۆند لەگەڵ یانەی دهۆك مۆردەکات، ئـــەم یاریزانە زۆر بـــە توانایە دوا رۆژێکی زۆر باش چاوەروانی دەکات گـــەر هاتوو ئـــەم یاریزانە هاتە ریزی یانەی دهۆك ئەوە یانەی ناوبراو ســـودێکی










یەکجار زۆری لێ وەردەگرێت.

**ئەو یاریزانانەی کە بۆندیان نوێکراوەتەوە**

دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك بریاری دا بۆندی چوار یاریزانی یانەکەی نوێبکاتەوە بۆ ئەوەی وەرزی داهاتوو لە ریزی یانەی دهۆك یاری بکەن یاریزانەکانیش هەر یەکە لە گۆڵچی عودی تالیب کە وەرزی رابردوو ئاستێکی زۆر باشی نیشان لە زۆربەی هەر زۆری یارییەکان گۆڵچی سەرەکی یانەکەی بوو ئەوە ماوەی (٣) وەرزی یاری بۆ یانەی دهۆك دەکات، هەروەها بۆندی یاریزانی بە توانای هێڵی ناوەراست موهند ناسر نوێکرایەوە دوای ئەوەی ئەم یاریزانە ئاستێکی یەکجار باشی نیشان دا کە بووە جێگای دەستخۆشی هاندەران و دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك، هەروەها یانەی دهۆك بۆندی یاریزانێ هێڵی بەرگری محەمەد هادی نوێکردووە بۆ وەرزی داهاتوو ئەم یاریزانەش وەرزی رابردوو ئاستێکی زۆر باشی نیشاندا کە بووە جێگای ستایشی دەستەی راهێنەرانی یانەی دهۆك، هەروەها یانەی دهۆك بۆندی لەگەڵ یاریزانی هێڵی ناوەراست محەمەد سەعد نوێکردووە ئەویش ئاستێکی زۆر باشی لە یارییەکان نیشاندا.

**ئەو یاریزانانەی کە بۆندیان نوێ نەکرایەوە**

هەرچەندە یانەی دهۆك لەگەڵ زۆربەی هەر زۆر یاریزانەکان بۆندی بۆ ماوەی دوو وەرزی مۆرکردبوو، بەڵام دەستبەرداری چەندین یاریزان بوو، کە تیاییدا یاریزانی هێڵی بەرگری وسام کازم کە وەرزی رابردوو ئاستێکی باشی لەگەڵ یانەی دهۆك نیشاندا، بەڵام لەم وەرزە لە یانەی دهۆك یاری ناکات، تا ئێستا دیار نییە ئایا ئەم یاریزانە یانەی دهۆکی جێهێشت یاخود یانەی دهۆك بۆندەکەی نوێنەکردووە، هەروەها بۆندی یاریزانان ئەحمەد مەئمون کە لە هێڵی ناوەراست یاری دەکات و ئەحمەد حەسەن یاریزانی ناوەراست و ئەحمەد جەبار یاریزانی هێڵی ناوەراست و عەلی جەواد یاریزانی هێڵی هێرشبەر و ئەمجەد وەلید یاریزانی هێڵی هێرشبەر نوێ نەکرایەوە، لە لایەکی دیکەوە یانەی دهۆك ٣ یاریزانی یەکجار بە توانای لە دەستدا کاتێك یاریزان ئەحمەد عەبدولجبار بۆندێکی گران بەهای لەگەڵ یانەی ئەمانە مۆرکرد، زۆربەی چاودێران رەخنەیان لە یانەی دهۆك گرت کاتێك بۆندی لەگەڵ ئەم یاریزانە مۆرکرد، بەڵام ئەم یاریزان سەلماندی کە یاریزانێکی زۆر بە توانایە و ئەندازیاری هێڵی ناوەراستە توانی لە وەرزی رابردوو (٦) گۆڵ تۆمار بکات و هەر لە رێگای یانەی دهۆکیش گەرایەوە ریزی هەڵبژاردەی عێراق، هەروەها یاریزانی بە توانای هێڵی ناوەراست سەفوان عەبدولغنی چووە ریزی یانەی قوەی جەوییە بە بۆندێکی گران بەها، ئەم یاریزانە لەگەڵ یانەی دهۆك لە وەرزی رابردوو ئاستێکی زۆر باشی نیشان لە سەرجەم یارییەکان یاریزانی سەرەکی بوو و رۆڵێکی باڵای هەبوو لە هێڵی ناوەراست و هەروەها یاریزان ئەزهر تاهیر چووە ریزی یانەی نەجەف ئەم یاریزانەش وەرزی رابردوو لە هێڵی ناوەراست بە تایبەتی لە باڵاکان ئاستێکی زۆر باشی نیشان دا.

**گشت یاریزانە کوردەکان بۆندیان نوێکرایەوە**

هەرچەندە یانەی دهۆك بۆندی لەگەڵ چەندین یاریزانی عەرەب مۆرکردووە، بەڵام هەر بایەخی بە یاریزانە کوردەکان دەدات بۆیە دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك بڕیاریدا کەوا بۆندی گشت یاریزانە کوردەکان بۆ وەرزی داهاتوو نوێبکاتەوە یاریزانەکانیش هەر یەکە لە (خالید موشیر و جاسم محەمەد حاجی و کاوە دینو و سەلاح خەمۆ و جاسم محەمەد سلێمان و زێرەڤان محەمەد خەلیل و هەرمان مۆید و بێوار حەسەن و ئەماد ئیسماعیل و جاسم محەمەد سلێمان)، جێگای باسە لە وەرزی رابردوو ئەم یاریزانانە ئاستێکی زۆر باشیان لەگەڵ یانەی دهۆك نیشان دا لە هەندێك یاری زۆربەی هەرە زۆری پێکهاتەی سەرەکی یارییەکە یاریزانەکان کورد بوون هەروەها گۆڵکارەکانی یانەی دهۆك کورد بوون کە تیاییدا خالید موشیر و جاسم محەمەد سلێمان توانیان وەرزی رابردوو (٦) گۆڵ تۆمار بکەن و جاسم محەمەد حاجی (٥) گۆڵی تۆمار کرد ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی زۆر باشە بۆ یانەی دهۆك کە توانی ئەنجامی باش بە دەستبهێنێت و لە هەمان کاتیشدا بایەخی بە یاریزانە کوردەکان دەدات، هەروەها دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك بڕیاری دا کەوا چەند یاریزانێکی تیپی لاوان بهێنێتە ریزی تیپی یەکەمی یانەکەی ئەمەش هەنگاوێکی زۆر باشە بۆ یانەی دهۆك.

لە کۆتاییدا یانەی دهۆك زۆر بە باشی خۆی بۆ وەرزی داهاتوو ئامادە کردووە و توانی بۆند لەگەڵ چەندین یاریزان بە توانا مۆربکات کە رۆڵێکی باشیان دەبێت لە خولی پلە نایابەکانی عێراق، هەرچەندە رۆیشتنی هەر سێ یاریزانی بە توانای ئەحمەد عەبدولجبار و سەفوان عەبدولغنی و ئەزهر تاهیر کاریگەری لە هێڵی ناوەراستی یانەی دهۆك دەکات، وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە یانەی دهۆك ئۆردوگایەکی مەشقی ئەنجامدا، بەو هیوایی یانەی دهۆك لە وەرزی داهاتوو ئاستێکی زۆر باش نیشان بدات بۆ ئەوەی دڵی دهۆکیەکان خۆش بکات و دەستکەوتێکی دیکە بۆ وەرزشی کوردستان تۆمار بکەن.



## سەرۆکی یانەی هەولێر:

# تا رافد بەدەرەدین لە یارێگا بێت ئەوە کاپتنی یانەکەیە

***دەکتۆر عەبدوڵڵا سەرۆکی یانەی هەولێر لە دایك بووی ساڵی ١٩٦١ لە هەولێر لە دایك بوو و یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر بوو لە تۆپی دەست و دەکتۆرای هەیە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی هەولێر، ئێمەش بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەی لەگەڵ سازبکەین.***

*** ئێوە بە نیازی چین لە قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتی ئاسیا؟**

- ئێمە لەگەڵ راهێنەر دادەنیشین بزانین کەم و کوریمان لە کۆی هەیە و چارەسەری ئەم کەم و کورییانە چارسەر دەکەین.

*** وەك سەرۆکی یانەی هەولێر تا کەی لەگەڵ ئەم یاریزانانە عەرەبانە بەردەوام دەبن؟**

- ئێستا ئێمە یانەیەکی پیشەگەرین لامان گرنگ نییە کێ یاری بکات گرنگ ئەوەیە ئەنجامی باش بە دەست بێنێن لەگەڵ ئەوەش گرنگی بە بناغەی خۆمان دەدەین ئێمە ناتوانین لە ئێستاوە واز لە دەستکەوتەکان بهێنین و نەك ئێمە بەڵکو جەماوەریش قبوول ناکات.

*** یانەی هەولێر تیپی لاوان و تازەپێگەیشتووانی هەیە کە پاڵەوانی کوردستانن کەچی هیچ نابینین یاریزانەکان سەربکەون بۆ تیپی یەکەم؟**

- ئێستا ئەگەر سەیر بکەین رێکان دەروێش سەرکەوتووە بۆ ریزی تیپی یەکەم رەنگە یاریزانی تریش سەربکەوێ ئێمە بۆ وەرزی داهاتوو لە خولی نایابی کوردستان بە یاریزانی لاوان یاری دەکەین کە یەکەمی کوردستان بوون.

*** بۆچی بۆندی یاریزانانی دەرەوە لە یاریزانە کوردەکان زیاترە نیشانەی کاپتنیش لە دەستی یاریزانێکی دەرەوەیە؟**

- ئەوەی راستی بێت بۆند بە پێی ئاستی یاریزانە و هەر یاریزانێك بە پێی ئاستی خۆی بۆندی هەیە، نیشانەی کاپتنیش هەتا یاریزان رافد بدردین یاری بکات ئەوە کاپتنە ئەگەر نا بە پێ تەمەنە ئەحمەد سەلاح لە هەموویان گەورەترە لە یانەکە.

*** بۆچی عەبدوڵڵا مەحموودتان وا زوو بەرێ کرد؟**

- ئێمە مەجالێکی زۆرمان دا پێ یەك قۆناغ هەر ئەنجامی نەبوو لە هەموو دونیاش هەر وایە هەر راهێنەرێك ئەنجامی نەبێت دەگۆردرێت.

*** ئەمساڵ وەبەرهێنانێکی زۆرتان کردووە ئایا بۆ ساڵی داهاتووش هەر پشت بە حکوومەت دەبەستن لە رووی پارەوە؟**

- بەڵێ، پێویستمان هەر پێ دەبێت چونکە ساڵ بە ساڵ وەرزش پارەی زیاتر دەوێت ئەگەر پرۆژەی زۆرت هەبێت پێویستیت پێ نابێ، بەڵام ئەگەر پرۆژەیەکی ترمان وەکو ئەم مۆڵە هەبێت پێوویستمان پێ نابێت.

*** بۆچی ئەم مۆڵە داخراوە تۆڕن ناکەنەوە کە پێویستی بە تۆڕن کردنەوە هەیە؟**

- رێکەوتین لەگەڵ پارێزگاری هەولێر بە تەواوی تێك بدرێ، هۆڵێکی نوێی و یاسایی دروست بکرێت.

دیمانە: کارزان کانەبی



# بـــۆرا:

# سەرەڕای ئەوەی دژایەتی دەکرام ئامادەم بە خۆڕایی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق کاربکەم

***راهێنەری سربی بۆڕا باشی دەزانی کە کارێکی زەحمەت چاوەڕوانی دەکات کە هەڵبژاردەی عێراق لەو کات و ساتەدا وەربگرێ چونکە کاتەکە زۆر کورت بوو، بۆڕا بۆ کارەکەشی داوای پارەیەکی زۆریشی نەکرد بوو تەنیا بۆ ئەوەی بوو کە لە جامی کیشوەرەکان بتوانێ ئاستێکی باش نیشان بدات، بۆڕا لەو لیستە نەبوو کە بەرپرسانی تۆپی پێی عێراقی بە نیاز بوون بۆندی لەگەڵ مۆربکەن، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو بەپەلە بۆندیان لەگەڵدا مۆرکرد، گۆڤاری سوپەری وەرزشی خۆی گەیاندە بۆڕاو ئەم دیمانەی لەگەڵدا سازدا و بەباشمانزانی لە فایلی وەرزشی بڵاویکەینەوە.***

*** ئایا بە ئاست و ئەنجامەکانی هەڵبژاردەی عێراق رازیت؟**

- باش دەزانم کە جەماوەری وەرزشی بەشداری عێراق لە جامی کیشوەرەکان بە ناسەرکەوتوو لە قەڵەمدا، بەڵام من لەگەڵ ئەو رایە نییم.

*** بۆچی؟**

- یەکەمجار ئێمە بەرازیل و ئیتاڵیا و ئیسپانیا نین دووەم یاریش نەرەخساوە ئێمە لەوانە باشتر بین، بەڵام توانیمان سەرکەوتوو بین لەو سێ یارییە و تەنیا لە یاری نیوزیلەندە نەبێ کەدەبووایە گۆڵ تۆمار بکەین، بەڵام نەمانتوانیئەو شتە بکەین، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە یەکێتی تۆپی پێی عێراق هەموو شتێکی بۆ ئێمە دابینکردوو و هەروەها دەبێ بەرپرسانی وەرزشی وڵاتی قەتەریش بکەین کە میوانداری ئێمەیان کردوو و یاریگایان بۆ مەشقەکانمان تەرخانکرد، من گلیەیی لە یاریزانەکان ناکەم، بەڵام غەم لە گۆڵانە دەخۆم کە لەگەڵ نیوزیلەندە لە دەستماندا، ناتوانم بڵێم ئێمە سەرکەوتوو نەبووین هیوادارم عێراقیەکان بە چاوێکی تەسکەوە سەیری ئەم ئەنجامە نەکەن.

*** دەڵێن تۆ زیاتر شێوازی بەرگریت پەیرەوە**

**دەکرد و هیچ بیرت لە شێوازی هێرشبردن نەدەکرد تەنیا لە یاری نیوزیلەندە نەبێت؟**

- ڕاستە بە پلانی بەرگری یارییمان دەکرد و بە ڕاشکاوی دەڵێم و لە ڕاستییەکان خۆم ناشارمەوە چونکە ڕکابەرەکانمان زۆر بەهێز بوون، لە یاری یەکەم هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقیا لە دەقەی یەکەمەوە بۆ بردنەوە هاتبوو و لە یاری دووەمیش چاوەڕوانی کارەسات بووین بەرامبەر ئیسپانیا، بەڵام توانیمان پارێزگاری لە خۆمان بکەین و دۆڕاندنیش بەم ئەنجامە بەرامبەر پاڵەوانی ئەوروپا و باشترین هەڵب۱اردە لە جیهان بە دەستکەوتێکی گەورە دەزانم.

*** ئایا لای تۆ شێوازی بەرگری باشترە لە هێرشبردن؟**

- ئەمە شێوازی من نییە، بەڵام کاری ئێستای هەڵبژاردەی عێراق ئەمەی دەویست گەر هاتوو چەند یاریزانێکی ئاست بەرزت هەبوو لە هێڵی هێرشبردن ئەو کاتە دەتوانی شێوازی هێرشبردن پەیڕەو بکەیت، بەڵام گەر هاتوو ڕکابەرەکەت لە تۆ بەهێزتر بوو ئەوە دەبێت شێوازی بەرگری بەکاربهێنێت تا تووشی دۆڕانێکی گەورە نەبێت من خۆشحاڵ بووم کە زۆر گۆڵمان لێ تۆمار نەکرا و توانیمان لە زۆر کاتدا ڕکابەرەکانمان ماندوو دەکرد بەرامبەر ئەوەش گۆڵەکانی ئیتالیا و بەرازیل زۆرتر گۆڵیان لێ بوو نیگەرانی من ئەوەیە کە نەمانتوانی سەرکەوتنێك بە دەست بهێنین.

*** بە چ هەڵبژاردەیەك سەرسام بوویت؟**

- هەڵبژاردەی ئیسپانیا چونکە بە شێوازی تۆپی کورت و ئاسان یاری دەکات و دەتوانن بەپەلە هێڵەکانی تیپی بەرامبەر ببڕن، هەڵبژاردەی بەرازیلیش بە وەفا بوو بە ئاستی بەرزی پێشووی و بەرازیل هەر بەرازیلە، ئیتاڵیاش ئاستێکی زۆر خراپی نیشاندا کە بەرگری لەوە بکات کە پاڵەوانی مۆندیاڵ بووە.

*** ساڵانێك زۆرت لە گشت کیشوەرەکان بەسەر برد ئایا بیر لەوە ناکەیتەوە کە واز بێنیت؟**

- تۆپ ژیانمە وەکو ئەوەی ماسی بێ ئاو ناژی، هەست بەوە دەکەم هێشتا دەتوانم خزمەت پێشکەش بکەم و بیرم لە واز هێنان نەکردۆتەوە.





*** حەز دەکەی جارێکی دیکە بگەڕێیتەوە مۆندیاڵ؟**

- من حەز لە بەرانگار بوونەوە دەکەم و ئەزموون دەخەمە بەر دەستی هەر هەڵبژاردەیەك لە مۆندیال کە داوام بکات و ڕاهێنەرێکی وەکو من بە ئەزموون بگەڕێت.

*** لەبەرچی لە مەکسیك ژیان دەبێتە سەر و ناگەڕێیتەوە سربیا؟**

- ئەمە چیرۆکێکی درێژە و من لە سربیا ڕامکرد تا پەیوەندی بە سەربازییەوە نەکەم و براکانم نەکوژم و ڕەگەزنامەی مەکسیکیم هەیە من و کەس و کارم خۆشحاڵین لە مەکسیك دەژین.

*** لە پاڵەوانییەکان دەبینرای کە کامیرات لابوو یارییەکانت تۆماردەکرد، ئەمە چ نهێنییەکە؟**

- وێنەگرتن کاری یەکەمە و کۆمەڵێك کامیرای ڤیدیۆیی مۆدێرنم هەیە و هیچ بۆنەیەك نییە من تۆمارم نەکردبێ و لای خۆم وەکو ئەرشیف هەڵیدەگرم.

*** دەڵێن تۆ مووچەت لە قەتەر هەیە و بە شێوەیەکی خواستن لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق کارت دەکرد؟**

- من ئەو نهێنییە لای خۆم دەهێڵمەوە و ئەم زانیاریەش سوودی بۆ خوێنەر نییە.

*** بیرت لەوە کردۆتەوە کە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەردەوام بیتڤ؟**

- ئەم پرسیارە کاتی ماوە من هاتووم تەنیا بەشداری لە جامی کیشوەرکان بکەم و ئەوەی من ئاگادارم عێراق لەم ماوەیەدا چ کاری گرنگی لەبەر دەستدانییە و بەراستی لە کاتی کارکردنم دژیایەتییەکی تەواو دەکرام و من ئامادەم بەخۆڕایی کار لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بکەم.